کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-7-2007 20:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەند ڕاستی یەک بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە پەنا ناوبانگی پاکی و دڵسۆزی من دا کۆڵێتێکی بۆگەن بۆ خۆیان بنیاد بنێن....

**بەکر هێرۆیی**

بەداخەوە لەو ماوەیەدا کەسێکی نەناسراو بەناوی منەوە نووسینێکی لە ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی ئازیزی کوردستان نێت دا، لە سەر برای بەڕێزو خۆشەویستم کاك هۆشیار عەبدوڵڵای ڕۆژنامەنووس بڵاوکردەوە، کە من دوورو نزیك پەیوەندیم بەو نووسینەوە نییە، زۆر بەداخیشەوە کاك هۆشیار پێش ئەوەی لەم بارووڎۆخە شێواوو ناهەموارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا لە خاوەن بوونی من بۆ ئەو نووسینە بکۆڵێتەوەو ئەو حەقیقەتە بزانێ کە تەنها یەك کەس دەنوسێت بەناوی (بەکر هێرۆیی) یەوەو ئەو کەسەش منم کە نە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسیم ئەوەندە دابەزیوە بابەتی لەو جۆرە بنووسم و نە هیچ کێشەیەکیشم لەگەڵ کاك هۆشیاردا هەیە، وەڵامێکی نووسینەکەی داوەتەوە بێ ئەوەی ئاماژەیەکی ڕۆشن بە من و ناوی من بکات کە جیا لە ڕێزو حورمەت شتێکی ترمان بەرامبەر یەکتر نەبووە ونی یە، لەلایەکی تریشەوە کەسێك بەناوی (بەکر جەمال تەها) کەیەکەم جارە ئەو ناوە ببیستم لە ڕۆژنامەی بەڕێزی ڕۆشنایی دا بابەتێکی پەیوەست بەو مەسەلەیەی نوسیوە کە کۆمەڵێك درۆو بوختانی لە خۆگرتووە، بەپێویستی دەزانم چەند ڕاستییەك لەم بارەیەوە بۆ خوێنەرانی بەڕێزو برای خۆشەویستم کاك هۆشیارو بەناو بەکر جەمال تەهاو ئەو کەسەی بەناوی منەوە ئەو بابەتەی نوسیوە کەپێ دەچێ هەردووکیان یەکبن بخەمە ڕوو /

*هەروەك و کاك هۆشیار لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێی ووتم (لەگەڵ کاك هۆشیاردا جیا لەڕێزو خۆشەویستی هیچ شتێکی تر لە نێوانماندا نەبووە و ئەو نووسینەی لەسەر ئەو نوسراوە زۆر دوورە لە ئەخلاقی نووسین وکۆمەلایەتی و سیاسی منەوە)

*ئەو برادەرە کەناوی منی بەکار هێناوە ئەگەر ئەوەندە بە جورئەت و ئازایە باناوی ڕاستەقینەی خۆی بنووسێو لە پەنا ناوی من دا خۆی مەلاس نەدات.

*من لەساڵی 1992 وە دەستم داوەتە نووسین و جیا لە دوو شیعر کەبەناوی (بەکر ڕەنجدەر) بڵاومکردۆتەوە و بەو ناوەشەوە لە ناو خەڵکی قەڵادزێدا ناسرام، سەرجەم نووسین و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووسیەکانم بەناوی (بەکر هێرۆیی) یەوە بڵاوکردۆتەوە لە ڕۆژنامەکانی (ووڵات و، ڕێگای کوردستان و، ڕزگاریو، ڕێبازی خوێندکاران و، ئاوێنەو هاووڵاتی و، کوردستانی نوێ –کە ساڵی1994، 1995 کاری پەیامنێریم بۆ کردوون، لەگەڵ هەردوو سایتی کوردستان پۆست و سبەی... ) وە جیا لەمن هیچ نووسەرێکی تر نییە بەو ناوەوە جیا لەو برادەرە کە ناوو ناوبانگی منی بەکار هێناوە.

* هەر کەسێك نووسینەکانی منی خوێندبێتەوە یان شارەزای ئەخلاقی ڕۆشنبیریو سیاسی و کۆمەلایەتی من بێت زۆر باش دەزانێت کە ئەو جۆرە نووسینانە لەڕابردووی من دا نەبوون و لە ئاییندەشم دا نابن چونکە من پیاوی هیچ کەسێك نیم و نابم جیا لە نەتەوەکەی خۆم.

* لەوەتەی دەنووسم و ئەو ماوەیەش کە کاری حیزبیم کردووە جیا لە خزمەتکارێکی دڵسۆزی نەتەوەکەم پیاوی هیچ کەس و دەستەو کوتلەو تەنانەت گوێرایەڵێکی کوێرانەی حیزبەکەشم نەبووم و هەموو ئەو نووسینانەشم کە تەنانەت لە کاتی شەڕی ناوخۆش دا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دا بڵاوم کردوونەتەوە سەرەڕای ئەوەی کادیری چالاکی (ی. ن. ك) بوووم لە ناوچەکەدا، سەربەخۆیی فیکری خۆم پاراستووەو لەو ڕۆژنامەیەش دا کە کارم تیا کردووە (کوردستانی نوێ) نووسینێك یان ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسیم نییە کەبۆنی بیرتەسکی و ئاژاوەگێڕی و خۆشکردنی شەڕو ناکۆکی ناو ڕیزەکانی گەلەکەم و سەرکردەکانی لی بێت بەڵك و هەمیشە ڕێبازم ڕەخنەگرێکی ئیجابی و بابەتی بنیاتنەر بووە بۆ ڕەوتی سیاسی ووڵاتەکەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
12-7-2007 20:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

*لە ساڵی 1998 وە کە لەکاری حیزبی دوورکەوتوومەتەوە جیا لە ڕێزو خۆشەویستیم بۆ (ی.ن.ك) وەك هەر حیزبێکی تری تێکۆشەری کوردستانی هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیم بەو حیزبەوە نەماوە، هەموو هەڵوێستێکیشم بەرامبەر بەو حیزبە تەنها بریتی بووە لە هەوڵدان بۆ یەك ڕیزی ئەندامەکانی، وە هیچ کاتێکیش کارم بۆ کوتلەیەك نەکردووە دژی ئەوی ترو بەچاوی ڕیزەوە تەماشای هەموو کوتلەو لێپرسراوی کوتلەکانم کردووە وەك هەر حیزبێکی تری ئەم وولاتە بۆ یە دەبوایە بەناو (بەکر جەمال تەها) کە (ئەگەر مەبەستی منە) ڕوونی کردبایەوە کە بەڵگەی چییە کە من کوتلەی بەڕێز کاك نەوشیروانم و لەکوێ دژایەتی هەڤاڵی بەڕێز کاك کۆسرەتم کردوە..
*ئەگەر مەبەستم بووایەو ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسیو سیاسیم ڕێگەی پێدابام دەمتوانی لەزۆر کەس زیاتر بچمە پێشێو وەك و زۆر کەس لەسەر خوێنی شەهیدانی کوردستان و بە ماستاو کردن ببمە خاوەن کۆشك و تەلارو سەرمایەو موچەی خەیاڵی، بەڵام من لە جیاتی ئەوە ڕێگەیەکی ترم هەڵبژارد کە کاری ئازادەو لە خوا بەزیادبێ وەزعم زۆر باشەو کرێنی پایسکیل و مۆنیکایەکم لەلا وەك و یەکەو ئاسوودەو سەربەرز دەژیم، بۆیە نەپێویستی و نەبڕوام بەوەیە لە کوتلەی ئەم بم و دژایەتی ئەو بکەم، بەڵك و وەك هەمیشە عەبدوڵڵا پەشێو گووتەنی پشتم لە دەسەڵاتەو ڕووم لە جەماوەرە و ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو کەس و سەرکردەیەکی پاك و دڵسۆزی ئەو گەلە هەیە لە ناو هەر حیزب و لەگەڵ هەر کوتلەیەك دابێت.
* لەکۆتایی دا ڕێزم هەیە بۆ کاك هۆشیار عەبدوڵڵای هاوڕێم و سوپاسی ئەو برادەرەش دەکەم کە جورئەت بکات ناوی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا بکا و لەپەنا ناوی منەوە کە هیچ کاتێك ناوێکی خوازراو نەبووە، کێشە حیزبی و تایبەتیەکانی خۆی نەخاتەڕوو، هیوادارم ئەو حەقیقەتەش بزانێت کە پرۆسەی نووسین زۆر لەوە پیرۆز ترو مەزنترە کە کەسانێك بتوانن وا بە سوك و ئاسانی وەك وەسیلەیەکی موخابەراتی بۆ ناوزڕاندنی هەندێك کەس بەکاری بهێنن و من و کاك هۆشیاریش خۆمان و یەکتریش دەناسین و ڕێزوپەیوەندیشمان زۆر لەوە مکومترو مەنتقی ترە کە خەڵکانێك بتوانن وا بەئاسانی زەفەری پێ بەرن.
* من بۆ هەموو ڕۆژنامەو سایتەکان بەو دوو ئیمەیڵە نووسین دەنێرم و جیا لە ناوی (بەکر هێرۆیی) بەهیچ ناوێکی ترەوە نانوسم.

bakrheroyee@myway. com
bekrheroyi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.